www.kurdistannet.org 19-9-2002

# گەر بم زانی با!*

خالید گەردی

گەر بم زانی با!
خۆشەویستیت.. واپڕ ئازارە
هەرگیز خۆشم نە ئەویستی
گەر بم زانی با!
دەریای خۆشەویستیت.. وا قووڵە
بێ ئامانە..
هەرگیز مەلەم تیا نە ئەکرد!
گەر بم زانی با!
خۆشەویستیت..
ئەوا زیندوو سووتێنە
هەرگیز دەستم پێ نەدەکرد
* * *
لە تۆ بوو.. فێری خۆشەویستی بووم
فێری چاوەڕوانی و
شەونخوونی بووم
هەر خۆشت بووی ..
فێرت کردم..
وەکو مناڵ.. لە دوات بگریم
دە ئێستاش .. بە تاسەوەم بۆ بیبنینت!
دە فێرم کە... کە چۆن بە تاسەتەوە نەبم..؟
چۆن حەزو ئارەزووەکانم بخنکێنم ..؟
ڕەگی ئەو خۆشەویستی یەی
ساڵەهای ساڵە!
لە ناخمە ڕەگ دا ئەکوتێ
ڕیشە بڕ کەم
ببڕای ببڕیش..!
لە دەریای چاوەکانتا
مەلە نەکەم
دە فێرم کە.. کە چۆن لە دووریتا بژیم...؟
بۆ هەتا هەتایەش.. لە بیرت کەم
یان فێرم کە..! کە چۆن یادگارییەکان
سەر ببڕم و..!
دیاری یەکانیش لە بەین بەم
* * *
یا پێم بڵێ
چ هێزێکە.. کە ئەتوانێ!!
لە نێو دڵە خێر نەدیوەکەمە بەدەرت نێ..
بێ ئەوەی ماڵئاواییشت .. لێبکەم

* * *
ئەی ئەو کەسەی ..!
کە دنیات وەکو هۆنراوەیەک
هێنا بەر چاوم و..!
خۆشەویستیشت لە سینە چانـد
ئێستا.. دنیـا لەبەر چاوما..
سەردوڵکەیە.. زایەڵەیە..
ئاسمان هەورە، بروسکەیە..
خۆشەویستی یەکەشت.. برینێــکە!
پەیتا.. پەیتا
هەموو گیانم دا ئەگرێ و..!
تا بیریشم.. پەک کەوتەیە
* * *
دە پێم بڵێ..؟
چ زوڵمێکە..! تاوانێکە..؟
ئاگری دووریت و
ساردی خۆشەویستیت
ببن بەیەک !!!
منی کلۆڵ
لە نێوان .. فرمێسکی چاو و..!
ئاگری عشقـتا..هێواش.. هێواش!
وەکو بەفر.. بتوێمەوە..
* * *
بە درێژایی تەمەنی خۆشەویستیمان
هەڵگری هەموو نازێکم بووی
ئێستاش.. بێ ناز.. بێ هۆش ..بێ هێز کەوتووم..!
جا گەر خۆشەویستمی
یارمەتیم دە.. چۆن لێت دەرباز بم..؟؟
گەر پزیشمکی.. یارمەتیم دە
چۆن لە دەست ئازار
لە دەستت دا..!!
ڕزگار بم..

*** (بیرۆکەی ئەم هۆنراوەیە لە (رسالە تحت الماء)ی شاعیری ناوداری عەرەب (نزار قەبانی) وەرگیراوە)**